بنکەی پۆلیسی عەربەت لە سلێمانی تۆمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە تەقەی لە هاوڵاتییەکی سقیل کردبوو

بنکەی پۆلیسی عەربەت لە سلێمانی تۆمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە تەقەی لە هاوڵاتییەکی سقیل کردبوو.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، دوای ئەوەی هاوڵاتییەک سکاڵای تۆمارکرد کە تەقەی لێکراوە، هێزەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانیان دەستپێکردوو دوای وەرگرتنی بڕیاری بەڕێز دادوەر توانرا لەلایەن مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی عەربەتەوە تۆمەتبار بدۆزرێتەوە و دەستگیربکرێت، هەروەها لەکاتی دەستگیرکردنی تۆمەتباردا دەستگیرا بەسەر ئەو چەکەدا کە تۆمەتبار تەقەی پێکردبوو.

پۆلیسی سلێمانی ڕاشیگەیاندووە، لەئێستادا تۆمەتبار (هـ، م، أ) لەدایکبووی 1989 بەبڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 405/31ـی لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوە و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامە.